نەجاتی عەبدوڵا

# حزبی هیوا
# ١٩٣٩- ١٩٤٥
# دوو ڕەوت ، یەک کۆتایی

**پێشگوتن**

حزبی هیوا ١٩٣٩ - ١٩٤٥، یەکێکە لەو حزبانەی کە لە مێژووی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کوردستاندا ڕۆڵێکی دیارو بەرچاوی هەبووە، بەڵام تا ئێستە هیچ لێکۆڵینەوەو توێژینەوەیەکی زانستی بۆ تەرخان نەکراوە. ئەوەی تا ئێستەش نووسراوە لە دامێنی ئێرەو ئەوێی چەند کتێبێک و لە باشترین شێوەشدا لە چەند گێڕانەوەیەکی زارەکی تێپەڕیان نەکردووە. جگە لەوە گێڕانەوەکانیش زۆر ڕای جیاوازو پێچەوانەیان تێدایە کە خۆیان یەکتری ڕەتدەکەنەوە. خۆ سەرچاوە بێگانەکانیش بە دەردی سەرچاوە کوردییەکان جیاوازی و گێڕانەوەی زۆریان تێدایە. مێژووی ئەم حزبە بۆ تا ئێستە وا بە تەماوی ماوەتەوەو خاوەنی ئەم مێژووە ونەیە؟ بێگومان هۆی سەرەکی بە پلەی یەکەم دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە فاکت و ماتریالی تایبەت بەو حزبە نە لە بەردەستدان و نە تا ئێستەش وەگیر کەوتوون. ئێمە پێمان وایە لێکۆڵینەوە لە مێژووی ئەم حزبە هەروا بە ناتەواوی دەمێنێتەوە، تا وەکو:

- هەموو ڕۆژنامەو چاپەمەنی و بلاوکراوەکانی ئەو سەردەمەی عێراق و بەڵگەنامە نهێنییەکانی بەغدا بە سەر دەکرێنەوە.
- هەموو ڕۆژنامەو چاپەمەنی و دەکۆمێنتەکانی ئینگلیز بە سەر دەکرێنەوە.
- هەموو دەکۆمێنتی باڵوێزخانەکانی ئەمریکا، ئینگلستان، شووروەوی، چین لە بەغدا بە سەر دەکرێنەوە.
- هەموو بەڵگەنامەکانی حزبی هیوا خۆی و هەموو ڕۆژنامەو گۆڤارە کوردییەکانی ئەو سەردەمەی کوردستان بە سەر دەکرێنەوە.
- یادداشت و بیرەوەرییەکانی ئەندامانی حزب و

> ئەی خودایا بۆم بنێری قاسدێکی سینە ساف
> بچێتە خزمەت کۆمەڵی هیواو حەرفی ژێ و کاف
> گیر نەبێ بڕوا لە قەولی من بچێ پێیان بڵێ
> ئەی مودیری ئیتیحادو ئەی مەداری ئیئتلاف
>
> مەلا مارفی کۆکەیی

ئەرشیفی حزب خۆی و بە تایبەت ئەرشیفی (سەرۆکی باڵا)، ڕەفیق حیلمی«١» بە سەر دەکرێنەوە.

ئومێد دەکەم ئەم باسەی ئێمە ببێتە سەرەتایەک بۆ چەندین کارو لێکۆڵینەوەی دیکەی زانستی کە، دەشێ چەندین نامەی دکتۆرای بۆ تەرخانبکرێ. ئێمە لەم کورتە بەرچاوخستنەدا هەوڵمان داوە چەند تیشکێک بخەینە سەر ئەم مێژووەو ئەوەندەی لە توانا بووبێ چەند کەلێنێک لە حەشارگە زۆرو زەوەندەکانی ئەم مێژووە پڕ بکەینەوە، لەگەڵ ئەوەشدا چەند پرسیارێک بوروژێنین کە، هیوادارین وەڵامەکان جیاواز بن و خوێندنەوەکانیش سێبەری چەند پرسیارێکی دیکە بە شوێن خۆیانەوە جێبهێڵن.

**١- ئەلف: ڕەوشی مێژوویی جیهان**
**لە بەرایی جەنگی دووەمی جیهانیدا**

ساڵی ١٩٢٤، ئیمپراتۆریای ژاپۆن خۆی لە کۆمەڵەی گەلان S D N هێنایە دەرەوە، دوای گەیشتنی ئەدلۆف هیتلەریش بۆ سەر حوکم، ئەڵمانیاش لە ساڵی ١٩٣٤ خۆی لە ئەندامێتی کۆمەڵەی گەلان هێنایە دەرەوەو بە پێچەوانەی پەیماننامەی ڤێرسای Versailles سوپایێکی مۆدێرنی Luftwaft درووست کرد. ساڵی ١٩٣٥ مۆسۆلینی بە هاوپشتی هیتلەر ئەسیوبیای داگیرکرد. هیتلەرو مۆسۆلینی و فرانکۆ ساڵی ١٩٣٦ بەرەی تەوەرەAxw یان درووستکرد. دواتر ژاپۆن و ئاڵمان

پەیماننامەی ئەنتی کۆمنترن Anti-Komintern یان مۆرکرد. ئاداری ساڵی ١٩٣٨ هیتلەر پەلاماری ئوتریشی داو داگیری کرد، لە ١ی سێپتامبەری ١٩٣٩ نیوەی پۆلۆنیاشی داگیرکرد. فەرەنساو ئینگلستان جەنگیان دژ بە ئاڵمان ڕاگەیاندو جەنگ هەموو دونیای تەنییەوە. ئاخەلێوەی ١٩٤٠ هیتلەر لە چەند ڕۆژێکدا: دانمارک، نەرویژ، هۆڵاند، بیلژیکی داگیرکرد. پاریس داگیرکراو ئینگلیز بە تەنیا لە بەرامبەر ئاڵمان مایەوە. تا حوزەیرانی١٩٤١ یەکێتی سۆڤیەت لە جەنگدا بێلایەن و تەماشاکار بوو، لەم مێژووە بە دواوە هیتلەر پەلاماری سۆڤیەتی داو تا ٢٥ کیلۆمەتری نیزیک بە شاری مۆسکۆ هەڵکشا، ئیدی بەرەکانی جەنگ فراوانتر بوون. لە ڕۆژهەڵات تەواوی کۆلۆنیالەکانی عارەبی، خوارووی کوردستان، بەشێکی خاکی ئێران لە ژێر قەڵەمڕۆی بەریتانیادا بوون. بەشێکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە ژێر کۆنترۆڵی ڕووسەکان و وەڵاتی تورکیاش هاوپشتی ئاڵمان بوو«٢». لە گەرمەی ئەم جەنگە پاراستنی ئارامی خوارووی کوردستان بۆ ئینگلیز گرینگییەکی تایبەتی خۆی هەبوو، لە کاتێکدا نەیدەویست لە گەڵ کورددا سەرقاڵی جەنگ بێ. مەبەستمان لەم کورتە چاوپێداخشاندنەدا تەنیا بە دیارخستنی ئەو ڕەوشە جیهانییە کە، حزبی هیوای تێدا لە دایکبوو و گەشەی کردو دوایش ونبوو.

**١- بێ: ڕەوشی سیاسیی عێراق**
**لە بەرایی جەنگی دووەمی جیهانیدا**

لە ٢٩-١٠-١٩٣٦، لە عێراق ژەنەڕاڵ بەکر سدقی «٣» سوپاسالاری عێراق لە ڕێگەی کودەتایێکی سپیی سەربازییەوە دەستی بە سەر حوکمڕانی عێراقدا گرت. سدقی دوژمنی خوێنینی ئینگلیزو دۆست و هەواداری ئاڵمان بوو، ژنەکەشی ئاڵمانی بوو.دوای ئەم کودەتایە حکومەتێکی نیشتمانی لە عێراق بە سەرۆکایەتی حیکمەت سولەیمان دامەزرا. ئینگلیز بە هەر چەشنێک بوو توانیان لە ڕێگەی چەند ئەفسەرێکەوە لە شاری مووسڵ لە ١١ی ئابی ١٩٣٧ تیرۆری بکەن «٤». ئینگلیز هێشتا لە دەسەڵاتی بێبەستی خۆیان لە عێراق دڵنیا نەبوون. هێشتا مەلیک غازی مابوو کە دوژمنی ئینگلیز بوو. شا غازی لە ٤ی ئەیلوولی ١٩٣٩ ئەویش بە تەونێک لە تەونە زۆرەکانی ئینگلیز تێداچوو. ئاسۆی جەنگی دووەمی جیهانی خەریک بوو بەرە بەرە تووندتر هەڵدەکشا . لە ئەورووپا ئینگلیز بە تەنیا لە بەرامبەر ئاڵماندا مابۆوە. زۆری نەبرد ئەمجارە لە ٢ی مایسی ١٩٤١ کۆمەڵێک ئەفسەری سەر بە ئاڵمان بەهاوپشتی ئاڵمان کۆدەتای ڕەشید عالی گەیلانی یان ڕاگەیاندو حکومەتێکی نوێی سەر بەئاڵمانیان درووستکرد. ئینگلیز بە شوێن ڕێگەیەکدا دەگەڕان بیانگەیەنێتەوە ناو عێراق. لێرەدا دەکرێ پرسیارێک بکەین تۆ بڵێی باسکی بە هێزی حزبی هیوا لەو سەرو بەندەدا واتە لە دوای نێوەی دووەمی ١٩٤١ەوە بۆ ڕووناکی ئەو چرایە نەگەڕێتەوە کە ئینگلیزەکان دەیانەویست بیانگەیەنێتەوە عێراق. وەختایەکیش گەیشتنەوە ناو عێراق ئیدی ئەمجارە بە پێچەوانەوە خەریکی چنینی تەونی ناکۆکی و دووبەرەکی بوون؟ یان تۆ بڵێی حزبی هیوا لە هاوکێشەی ستراتیژی جەنگی ئینگلیز دژ بە ئاڵمان بە دوور بێ؟ڕەنگە لێکدانەوەی ئەوەی بۆچی حزبی هیوا لە ساڵەکانی بەرایی جەنگی دووەمی جیهانیدا گەشەی سەندو بۆچی دواتر هەر لەگەڵ کۆتایی هاتنی تۆپەکانی جەنگیش زۆر بە هێمنی کۆتایی هات، زێتر ڕێگەمان بۆ خۆشبکات بۆ وەڵامێکی ئەم پرسیارەی سەرەوەمان، بە هەر حاڵ وەڵامی ئەم پرسیارانە جێدەهێڵین بۆ ئەو دەمانەی هەموو دەکۆمێنت و زانیارییەکان دەکەونە بەردەست، بەڵام تا ئەو کاتە وروژاندنی ئەم پرسیارانە ، ڕەنگە گەرای چەندین وەڵام و خوێندنەوەو دیدی جیاواز دابنێن.

**١- جیم: ڕەوشی سیاسیی کوردستان**
**لە بەرایی جەنگی دووەمی جیهانیدا**

دوای تێکشکاندنی بزووتنەوە ترادیسیۆنەچەکدارییەکەی شێخ مەحموود، قورسایی خەباتی سیاسیی بزووتنەوەی کوردایەتی گەیشتە ناو شارەکانەوە. ڕەنگە ڕاپەرینی ٦ی ئەیلوولی ١٩٣٠ی بەر دەرگای سەرای شاری سلێمانی، سەرەتای هەنگاوێکی نوێ و سادە بووبێ لە خەباتی شارەکاندا . گرۆی تازە چەکەرەکردووی سیاسیی ناو شارەکان بە دوای شێوەیەکی دیکەی خەباتدا دەگەڕان . دەکرێ ساڵانی سییەکان بە مێژووی سەرەتای وەدیارکەوتنی حزبایەتی دابنێین لە خوارووی کوردستاندا. لەو ساڵە بەدواوە لە مێژووی خوارووی کوردستاندا ئەم حزب و کۆمەڵە سیاسیانە چ بە نهێنی و چ بە ئاشکرا وەدیار کەوتوون: کۆمەڵەی لاوان لە بەغدا ساڵی ١٩٣٠لە ژێر چاوەدێری مێژوونووسی کورد ئەمین زەکی بەگ دامەزرا، کە زێتر کۆمەڵەیەکی کولتووری و کۆمەڵایەتی بوو. لە ٣٠ی مایسی هەمان ساڵ، یانەی سەرکەوتنی کوردان بە چاوەدێری مەعروف جیاوک و توفیق وەهبی دامەزرا کە، زێتر کۆمەڵەیەکی کۆمەڵایەتی - سیاسیی بوو. لە ساڵی ١٩٣٥ کۆمەڵەی (فیدائی نیشتمان) بە سەرۆکایەتی

حەمە ئاغای ئاورەحمان لە سلێمانی دامەزرا کە تا ساڵی ١٩٣٦درێژەی هەبوو. کۆمەڵەیەکی نهێنی بوو لە لایەن عیززەت بەگ، توفیق قەزاز، رەمزی حاجی فەتاحەوە بەرێوە دەچوو.«٥» ساڵی ١٩٣٦ لەگەڵ کۆدەتایەکەی بەکر سدقی و بەکاربوونی وەزارەتی حیکمەت سولەیمان کەشێکی کەمێک هێمن بۆ کورد هاتە پێشەوە. لە ١٠ی ئاداری ١٩٣٧ لە لایەن شێخ لەتیفی کوڕی شێخ مەحموودەوە کۆمەڵەیەکی نهێنی سیاسیی بە نێوی کۆمەڵەی (برایەتی) لە سلێمانی دامەزرا، کە خوازیاری سەربەخۆیی دەوڵەتی سەربەخۆی کوردستان بوو. ساڵێک دواتر، واتە لە ١٩٣٨ لاوانی کورد لە سلێمانی لە ڕێکخراوێکی ناسیۆنالیستی نهێنیدا بە نێوی (کۆمەڵەی ئازادی کورد) خۆیان ڕێکخست.

سەرەتای ساڵی ١٩٣٧ لە هەولێر، کۆمەڵەی (دارکەران) کە کۆمەڵەیەکی ناسیۆنالیست بوو دامەزرا، هەروا (دارکەران) توانی لە کەرکووک و سلێمانیش لقی خۆی دامەزرێنێت. بۆیە دەکرێ بڵێین حزبی هیوا دایکی هەقیانەی هەموو ئەم ڕێکخستنە بچووکە ناوچەییانە بوو کە دواتر هەموویان بۆ ماوەی شەش ساڵ ڕژانە ناو ڕووباری سیاسیی حزبی هیواوەو دوای ئەو مێژووەش بۆ چەند لک و گروپی جیاواز جیابوونەوە

**٢- ئەلف: هیوا - ناسنامەی کوردستانیبوون**

ئەگەر وەک ئێرنست گێلنەر Ernest Gellner گوتەنی نەتەوە Nation لەسەر دوو کۆڵەگەی ویست Volonteو کولتوور Culture پێناسە بکەین«٦»، دەکرێ ئەو کاتە باس لە بوونی نەتەوەیەک بکەین کە هەردوو ڕەگەزی ویست و کولتوور لەناو یەک یەکەی سیاسیدا تێکەڵ بن. لەوەی سەرەوەدا دەکرێ بڵێین کە کورد بۆ پرۆسێسی بە نەتەوەبوون نە خاوەنی ئەم کولتوورە بووەو نە ئەم ویستەشی هەبووە کە لە یەک یەکەی سیاسییدا پرۆسێسی بە نەتەوەبوونی خۆی ڕابگەیەنێ: کۆمەڵێک فاکتۆرو هۆی ناوەکی و دەرەکی لەمەدا دەوریان بینی. ناسیۆنالیزمی کورد زێتر پرۆژەیەکی نا بەکام و یان لە باشترین حاڵەتدا بەرتەکی کاریگەرییەکانی دەرەوە بوو. بەرهەمی پەرەسەندنی ناوەوەی ڕەوشی کۆمەڵگەی کوردستان نەبوو. ناسیۆنالیزمی کورد چونکە ناسیۆنالیزمێکی ئێتنیکی بووە، وەک هەمیشە لایەنە دیموکراتییەکەی لە دەست داوە. (هیوا) لە ناو کۆمەڵێکی تا ناخی ئێسک نامۆ بە خۆو بە کولتووری خۆی، بە دوای هیوایەکانی خۆیدا دەگەڕاو دەیەویست «ئێمە» لە «ئەوان»، یان لە «ئەوانی دیکە» جیا بکاتەوە.

ئەو «ئەوان» ەی کە دەیانەویست ناسنامەی کوردستانی «ئێمە» بسڕنەوەو لە ناو بۆتەی «ئەوان» خۆیاندا لە قالبمان بدەن. (هیوا) پرۆژەی هیوایەکی کوردی بوو، بۆ سڕینەوەی سنووورە دۆزەخییەکانی «ئەوان» و بە «ئێمە» بوونی ئێمە. بەڵام هێشتا لە دایک نەبوو بوو، پێشتر بڕیاری مەرگی بۆ درابوو.

**٢ بێ: هیوا - گەڕانەوەیەک بۆ سەرەتا**

لە ئیتالیا، لە نیوەی یەکەمی سەدەی نۆزدەهەمدا، بزووتنەوەی Risorgimento واتە (ژیانەوە)، کۆمەڵەیەکی نهێنییان بە نێوی Carbonari کاربۆناری واتە (دارکەران)ەوە هەبوو کە، لە دژی داگیرکارانی ئوتریش کە بەشێکی خاکی ئیتالیایان داگیرو پارچە پارچە کردبوو خەباتی دەکرد. ئەم کۆمەڵەیە خوازیاری دامەزراندنی کۆمارێکی دیموکراتی یەکگرتوون بوون و خەونیان بە سەربەخۆیی ئیتالیاوە دەبینی. دواتر زێتر لە سەدەیەک کۆمەڵە گەنجێکی کورد کە زۆربەیان قوتابی ناوەندی و ئامادەیی بوون، لە ساڵی ١٩٣٧ بە چاولێکەری ئەم کۆمەڵە ئیتالییە ناسیۆنالیستە کە لە ڕێگەی کتێبە مێژوویەکانەوە خوێندبوویانەوە، لە شاری هەولێر «٧» کۆمەڵەیەکی نهێنییان بە هەمان ناوی کۆمەڵەی (دارکەران)ەوە دامەزراند، کە ناوی کۆمەڵەکە لە سەر پێشنیاری (دڵداری) شاعیر بووە.

دەستەی دامەزرێنەری ئەم کۆمەڵەیە ئەوانەیان کە تا ئێستا زانراوە ئەمانە بوون:

١- موستەفا عەزیزی ٢- موسا عەبدولسەمەد ٣- خەلیل ئەحمەد ٤- جەلال قادر ٥- فەتاح جەبار ٦- نورەدین بەهادین ٧- یونس رەئووف (دڵدار) ٨- ئیحسان حاجی باخچەچی ٩- نوورەدین ناوێک (خەڵکی کەرکووک بووە).

کۆمەڵەی (دارکەران) خاوەنی ڕەوتێکی ناسیۆنالیستی کوردستانی بوو. ئەم کۆمەڵەیە هەر لە سەر شێوەی ڕێکخستنی نهێنی مایەوەو تا سەرەتای ساڵی ١٩٣٩ درێژەی بە ژیانی ڕێکخراوەیی خۆیدا. سەرەتای ساڵی ١٩٣٩، کۆمەڵەی دارکەران بیر لەوە دەکاتەوە کە سەرۆکێک هەڵبژێرێ، کە هەم قورسایی ڕێکخراوەکە زیاد بکات و هەم ڕەنگ و دەنگێکیش بێت لە گۆڕەپانەکەدا. بۆ ئەم مەبەستە کۆمەڵێک ناوی گەورە پیاوی سیاسیی کورد دیاری دەکەن بۆ پەیوەندی پێوەکردن وەک ( تۆفیق وەهبی، ئەمین زەکی بەگ، ڕەفیق حیلمی، مەعرووف جیاوک، ماجد مستەفا، جەمال بابان) و دواتر هەموویان بڕیار دەدەن کە پەیوەندی بە ڕەفیق حیلمی یەوە (١٨٩٨-١٩٦٠) بکەن، کە هەم

خاوەنی ڕابردوویکی سیاسیی دووروودرێژەو هەم ڕووناکبیریکی گەورەی کوردیشە و لە سەر ئاستی سیاسی جێگەیەکی دیاری هەیە. وەک مووسا عەبدولسەمەد دەیگێڕێتەوە دەڵێت:«وەختایەک چووینە بەغدا، ڕەفیق حیلمی بانگی ماڵەوەی خۆیانی کردین و گوتی: ئێوە ڕێکخراوێکی تایبەت بە هەولێرتان دامەزراندووە، حەز دەکەم شتێکی لێوە بزانم» «٨» ڕەفیق حیلمی لە سەر خواستی کۆمەڵەی (دارکەران) ڕازی دەبێت بچێتە ناو کۆمەڵەکەوە بە مەرجێک هەر خۆی (سەرۆکی باڵا) ی حزب بێ، کۆمەڵەی دارکەرانیش ئەم مەرجە قەبووڵ دەکەن«٩» بە چوونە ناوەوەی ڕەفیق حیلمی بۆ ناو کۆمەڵەی دارکەران، دەستەی دامەزرێنەری کۆمەڵە ڕەفیق حیلمی بۆ شارۆچکەی (شەقڵاوە) بانگهێشت دەکەن. لە شەقڵاوە لە بێستانی جەمیل میران دەستەی دامەزرێنەری کۆمەڵە بە نهێنی لە گەڵ ڕەفیق حیلمی کۆدەبنەوەو دوایی دەگەنە ئەو ئەنجامە کە حزبێک بە نێوی (هیوا)وە درووست بکەن «١٠» هەڵبژاردنی ناوی هیوا خۆی لە خۆیدا ڕوویکی کوردستانیەتی حزبەکە دەستنیشان دەکات کە بە نێوی هەمان ئەو کۆمەڵە سیاسیە کوردستانییەیان کردەوە لە ساڵی ١٩١٢ لە ئەستەموڵ لە لایەن قەدری جەمیل پاشا، جەراحزادە زەکی و فوئادی تەمۆوە دامەزرا. ئەمیش زێتر ڕێکخراوێکی کوردستانی قوتابیان بوو و خاوەنی ڕەوتێکی کوردستانی و سەربەخۆخواز بوو.

ئاهەنگی دامەزراندنی حزبی هیوا لە بێستانی جەمیل میران، بە ئامادەبوونی ئەندامانی دەستەی دامەزرێنەرو بە ئامادەبوونی خەلیل خۆشناو بەڕێوە چوو. بە پێی دەستوورێک ئەندامانی دەستەی دامەزرێنەر خەنجەرێک کە نیشانەی خەبات و ئازایەتی کوردە لەگەڵ قورئانێک بۆ سوێند خواردن بە ڕەفیق حیلمی دەدەن. حزبی هیوا زێتر ڕەوتێکی کوردستانیی وەرگرت و خەریک بوو پەلی بۆ هەموو کوردستان دەکێشا.(مەرکەزی حزب لە بەغدا بوو، پەلی بۆ هەموو وڵاتەکانی کوردەواری هاویشتبوو، تەنانەت بۆ ئێران و سووریاش.ئەتوانرێ بووترێ ئەم حزبە تا ئەو تاریخە گەورەتر حزبێکی کوردی بوو) «١١».

ئێستە با بگەڕێینەوە بۆ شاری سلێمانی، لەوێ ساڵی ١٩٣٧ کۆمەڵەی (برایەتی) لە لایەن شێخ لەتیفی کوڕی شێخ مەحموودەوە دامەزرا، ئەم کۆمەڵەیە زێترکوردستانیی بوون و خوازیاری سەربەخۆیی کوردستان بوون. کۆچیرا گوتەنی ئەم حزبە بە پلەی یەکەم پارتی بۆرژواو پیاو ماقووڵەکان بوو، وێنە بەر چاوەکانی (موحەمەد سەدیق شاوێس، ئیسماعیل حەقی شاوێس، مەلا ئەسعەد، بوون «١٢». ساڵێک دواتر، لاوانی کورد لە سلێمانی لە ڕێکخراوێکی نهێنی نەتەوەیی بە نێوی کۆمەڵەی (ئازادی کورد) خۆیان ڕێکخست، کە ئەمە زێتر لە کۆمەڵەی (برایەتی) یەوە نزیک بوو.

لە نیوەی دووەمی ساڵی ١٩٤١ هەر سێ گرووپی کوردستانی ( کۆمەڵەی ئازادی کورد و کۆمەڵەی برایەتی و حزبی هیوا ) خۆیان لە ناو هیوادا دەتوێننەوە. ئەم پرۆسێسی یەکبوونە بە دەستپێشخەری ئەفسەرە کوردەکان بووە، کە من پێم وایە تەنیا ویستی خودی کورد نەبووە. ڕەنگە لە یەک کاتدا ویستی هەم ئینگلیزو هەم خودی کوردیش بووبێ. بە تایبەت لە کاتێکدا ئەگەر ئەوەمان لە بەرچاوبێ کۆدێتاکەی ڕەشید عالی گەیلانی لە ئەپریل - مەی ١٩٤١دا بەرپابووە. بەم شێوەیە حزبی هیوا دەبێتە تاکە حزبی خوارووی کوردستان و بە ئاشکرا بارەگا لە بەغدا دەکەنەوە. هەروا هیوا لق لە هەموو شارەکانی کوردستان دەکاتەوە (هەولێر، مووسڵ، کەرکووک، سلێمانی، ناوچەی بادینان، خانەقی، کفری) بە گوێرەی مەکدۆیل Mcdowell هیوا (١٥٠٠) ئەندامی هەبووە«١٣». بەڵام مەکدۆیل سەرچاوەکەی دەستنیشان نەکردووە، کە پێ دەچێ لە بەڵگەنامەکانی ئینگلیزی وەرگرتبێ. حزبی هیوا هەر زوو بوو بە ڕەشماڵێک بۆ هەموو چین و توێژەکانی کۆمەڵ (ئاغا، شێخ، پیاو ماقووڵ، ڕووناکبیر، مامۆستایان، قوتابی و هەموو چینەکانی تری کۆمەڵ. لە پیاوە بەرچاوە کوردەکانی ژێر ئەم ڕەشماڵە دەتوانین نێوی ئەمانە ببەین (ڕەفیق حیلمی، تۆفیق وەهبی، مارف جیاوک، ئەمین ڕەواندوزی، اسماعیل حقی شاوێس، عزەت عبدالعزیز، مصطفی خۆشناو، ماجد مصطفی، شێخ عبدالقادری بەرزەنجی «١٤» و زۆری دیکە بوون.

لێرەدا ڕەنگە پرسیارێک خۆی بێنێتە پێشەوە کە بۆچی هیوا لە دوای کۆدێتاکەی ڕەشید عالی گەیلانی یەوە پەرەی سەندو گەشەی کرد؟ ئایا یەکگرتنی حزبە کوردستانییەکان لە ناو حزبی هیوادا، ویستی کورد خۆی بووە؟ ئایا ئەو ناکۆکی و دووبەرەکییانەی کە دواتر کەوتنە ناو جەستەی هیواوە بەرهەمی پەرەسەندنی سروشتی خودی حزبەکە بوون یان تووەکە لە شوێنێکی دیکەوە چێنرابوو؟

**٢ جیم: ئایدیۆلۆژی، بەرنامە، حزب**

حزبی هیوا، دەکرێ ڕاستتر بڵێین گردبوونەوەیەکی نەتەوەیی بوو تا حزب، ئەوەش هەموویانی کۆکردبۆوە

تەنیا هەستی نیشتمانپەروەری و سوێی زامی لکاندنی خوارووی کوردستان بوو بە عێراقی عارەبییەوە. حزبێکی ناسیۆنالی لیبرال، ئامانجی یەکێتیی خاکی کوردستان و خەبات بۆ سەربەخۆیی کوردستان بوو. هیچ خەوشێکیان لەوەدا نە دەبینی کە بۆ ڕزگاربوون لە ژێر دەستەیی عارەب، فارس و تورک، بۆ دامەزراندنی ستاتوێک بۆ کورد هاریکاری یەکێک لە دەوڵەتە کۆلۆنیالیستەکان بکەن، جا ئەمە لەسەر دەستی کێ دەبێ و شێوەی حوکمڕانییەکەو سیستمی ئابوورییەکە چۆن دەبێ ئەمەیان ئاشکرا نەبوو «١٥».

هیوا سەرەتای لە دایکبوونی ناسیۆنالیزمی کورد بوو، لە کاتێکدا کورد بە زامی پڕ سوێیی کۆلۆنیالکراوەوە بە دوای دروستکردنی پرۆسێسی بە نەتەوە بوونی خۆیدا دەگەڕا، وەدیارکەوتنی هیوا ئەگەرەکانی بەرچاوخستنی ناسیۆنالی ئۆبژەکتیڤی بنەڕەتی کورد بووە. «١٦».

حزب خەباتی دەکرد بۆ سەربەخۆیی نەتەوەیی و دامەزراندنی حکومەتێکی کوردی و خەبات دژی فاشیزم . لەو شێوە خەباتەشدا هەموو لایەنە کوردییەکانی ناو کۆمەڵی کوردستانی لەخۆیدا گرد کردبۆوە لەو پەری ڕاستەوە تا ئەوپەڕی چەپ و تا ڕادەیەکی زۆر حزبێکی لیبرال بوو. سەرەتا هیوا لە ناو سەرۆکهۆزو ئاغاو دەرەبەگ و شێخ وزەویدارە گەورەکاندا بڵاوبۆوە، دواتر لە ساڵەکانی یەکەم و بەتایبەتی دووەمی جەنگدا زۆری نەبرد حزب هەموو چینەکانی کۆمەڵی کوردستانی گرتەوەو شوێنی تایبەتی خۆی لەناو دڵی خەڵکەکەدا هەبوو «١٧».

ئەندام بوون لە ناو حزبدا بەومەرجە بوو کە دەبوایە سەرەتا بە قورئان سوێندی حزبی بخوات و لەو سوێند خواردنەدا دەبوو دوو کەس لە ئەندامە کۆنەکانی حزب ئامادە بن و کاندیدا دەبوو سوێند بخوات کە ملکەچی هەموو فەرمانەکانی کۆمەڵە دەبێ و نهێنییەکانی حزب دەپارێزی و خیانەت بە گەلی کورد نەکاو خۆی لە پێناوی ئامانجەکانی کۆمەڵەدا بەخت بکات «١٨».

لەڕووی پرۆگرام و پێڕەوی حزبییەوە، هیوا هیچ پێڕەوو پرۆگرامی چاپکراوی نەبوو هەڵگری هەمان بەرنامەی هەردوو کۆمەڵەی (ئازادی کورد) و کۆمەڵەی (برایەتی) بوو. دروشمی حزب بریتی بوو لە شاخێک کە بە ڕەنگی سەوزو هەتاوێکی هەڵاتوو لە ناو ئاسمانێکی شیندا و لەژێر دروشمەکە نووسرابوو (کۆمەڵەی هیوا، بژی کوردو کوردستان). بە گوێرەی گێڕانەوەکانی نووری شاوێس کە ئەندامی حزبی هیوا بووە، گوایە هیوا گۆڤارێکی وەکو ئۆرگان بە زمانی کوردی و بە ناوی (هیوا) وە بە دەستنووس بڵاودەکردەوە، کە هەشت ژمارەی لێ بڵاوکراوەتەوەو دوا ژمارەیشی لە ساڵی ١٩٤١ دەرچووە«١٩». کە بەداخەوە تا ئێستە هیچ کەسێک ژمارەیەک لەو ژمارانەی (هیوا)ی نەدۆزیوەتەوە، کە بێگومان ئەگەر وابێ زۆر زانیاری لە بارەی حزبی هیواوە ئاشکرا دەکەن.

هەروا نووری شاوێس دەگێڕێتەوە کە گوایە حزبی هیوا زۆر بەیاننامەو بەڵاڤۆکی بڵاوکردۆتەوە، وەکو بەیاننامەی دژ بە پەیمانی سەعد ئاباد، ڕاپەرینەکەی شەشی ئەیلوول، شۆڕشی دەرسیم، ئاگری داغ، کە تا ئێستا هیچ سۆراغێکیان دیار نییە. هەروا نەریمان ئەندامی حزبی دەگێڕێتەوە کە لقی خانەقی و کفری، بڵاڤۆکێکی ناوەخۆییان بە نێوی (شیلان) ەوە بە تایپ بڵاو دەکردەوە «٢٠».

**٣ ئەلف: ئینگلیزخوایی و سۆڤیەت خوایی**

حزبی هیوا هەر لە سەرەتاوە چاوی هاوپشتی بڕیبووە بەریتانیای فەخیمەو دەیەویست لەو ڕێگەیەوە ستاتوێک بۆ کورد دابنێت. سەرەتا تاوەکو یەکێتیی سۆڤیەت نەچووبووە ناو کۆڕی جەنگ و دوای تێوەگلان و ناچارکردنیشی بۆ ناو توونی جەنگ و تا دوا دواییەکەی ساڵی ١٩٤٣ کە ئەو دەم ئاسۆی سەرکەوتنەکانی سوپای سوور ئاوا هەڵنەکشابوو. ڕەوتی سۆڤیەت خوایی لە ناو حزبی هیوادا هێندە باڵا دەست نەبوو کە بتوانێ حزب لە ناوەوە کلۆر بکات. دەکرێ بڵێین تاوەکو کۆتایی ساڵی ١٩٤٣ حزبی هیوا، حزبێکی پێشکەوتنخوازو لە بە هێزترین حزبە سیاسییەکانی کورد بوو لە مێژووی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کوردو لە هەمووان ڕێکخراوتر بوو «٢١». تەنانەت بە هێزی (هیوا) گەیشتبووە ڕادەیەک کە بەهەشتی سەجادی هەقی بووە کە نووسیوێتی حزبی هیوا تەنانەت لە حزبە ئاشکرایەکانی عێراقیش بە هێزتر بوو «٢٢». بەڵام وەختایەک کە جەنگی دووەمی جیهانی خەریک بوو تەرازووی جەنگی بەلای سۆڤیەتدا دەشکاندەوە، وردە وردە تا ساڵی ١٩٤٤ کە سووپای سوور تەواوی سۆڤیەتی ئازاد کردو دژە هێرشی بۆ ناو خاکی ئاڵمان دەستپێکرد، سەرکەوتنەکانی سووپای سوورلە هەموو جیهاندا دەنگی دەدایەوە، باڵی چەپڕەوی ناو حزبی هیوا زێتر پێیان لە سەر ئەوە دادەگرت کە تەنیا دەبێ پشت بە سۆڤیەت ببەستین و نیدی تا کۆتایی ١٩٤٤ ناکۆکییەکان توندتر دەبوون و حزب بەرەو بێدسپلینی و لێکدابڕان دەچوو. خۆ ئەگەر ئەوە لەبەر چاو بگرین کە وەک لە پێشدا وتمان ناسیۆنالیزمی کورد لەبەر لایەنە

ئیتنیکیەکەی چەند ڕووە دیموکراتییەکەی لە دەست داوە، جا لەوە تێدەگەین ناکۆکییەکان لە کۆمەڵێکی بێ تولێرانس Intolerance چۆن دەبن بە فیشەکە شێتەو دەتەقنەوە! سەرباری هەموو ئەمانەش نابێ ڕۆڵی ئینگلیز لە خۆشکردنی ناکۆکییەکان لە بەر چاو نەگرین کە، لە کاتێکدا خەریک بوو ئاسۆی کۆتایی جەنگەکە وەدیاردەکەوت و چارەنووسی شەڕەکە لە کۆتایی نزیک دەبۆوە. هەروا نابێ ڕۆڵی نێگاتیڤی حزبی شیوعی عێراق، بە تایبەت فەهد سکرتێری حزب لە خۆشکردنی ئاگری ناکۆکییەکان لە بەر چاو نەگرین «٢٣».

ناکۆکییەکانی ناو خودی حزب ئەنجامی دوو باڵی ناو حزب بوون، یان ڕاستتر بڵێین حزبەکەی بوو بووە دوو کەرت لەناو حزبێکدا کە ئەم کەرتبوونە سەرەتای مەرگی (هیوا) ی لە گەڵ خۆیدا هەڵگرتبوو. ناکۆکییەکان لەم دوو باڵە بنەڕەتییەدا خۆیان دەنواند:

یەکەم: سۆڤیەت خوایی مارکسیستەکانی ناو حزبی هیوا، یان ئەوانەی خۆیان بە مارکسیست دەناسی ڕۆژ بە ڕۆژ لە زیادبووندا بوون و دژ بە سەرۆکی حزب (ڕەفیق حیلمی) و ماجد مستەفا پێیان لە سەر ئەوە دادەگرت کە دەبێ حزب لەم کادرانە پاک ببێتەوە، دەنا دەکەوێتە ژێر کۆنترۆڵی حکومەت و ئینگلیز «٢٤» و ئاکام بزووتنەوەکە مۆرکێکی کۆنەپەرستانە بە خۆیەوە دەبینێ!!. جا ئەگەر وەک سەعد جەواد باسی دەکات دوای ئەوەی کە حزب لە هاوینی ١٩٤٥تووشی کەرتبوون هات، (٣٥٠) ئەندام تەنیا بۆ حزبی (شۆڕش) جیابووبنەوە، هەروا ئەگەر (٥٥٠٠)یش «٢٥» تەنیا حزبی ڕزگاری کوردیان درووست کردبێ «٢٦»، ئەوا لەوە تێدەگەین کە ڕەوتی چەپڕەوی ناو حزب و ڕەوتی سۆڤیەت خوایی چەند باڵا دەست بوون.

دووەم: ئینگلیز خوایی. باڵی ڕاستڕۆی ناو حزب بە پێچەوانەی ڕەوتی چەپڕۆی ناو حزب تا دەهات بەرە بەرە لە کەمی دەدا. ئەم ڕەوتە تاکۆنگرەی ساڵی ١٩٤٥، لە ژێر تەئسیری (سەرۆکی باڵا)ی حزب ڕەفیق حیلمی پێیان وا بوو کە ئەگەر شتێک بۆ کورد بکرێ، دەبێ بە دەستی ئینگلیز بێ دەنا لەو دوورەوە سۆڤیەت چیمان بۆ دەکات. تا کۆنفرانسی ١٩٤٥یش ئەمە بیرکردنەوەی خودی سەرۆکی باڵای کوردیش بوو، ئیدی لەم مێژووە بە دواوە سەرۆکی باڵاش تێگەیشت کە ئینگلیز جگە لە فریودان و کات کوشتن و ڕاگرتنی چالاکییەکانی حزب بەولاوە هیچ ئامانجێکی دیکەی لەبەر چاو نەگرتووە. من پێم وایە دوو هۆکار کە بەرهەمی یەک ئەنجام بوون، کۆتایی مەرگی حزبی هیوایان ڕاگەیاند، هۆکاری یەکەم کۆتایی جەنگی دووەمی جیهانی، سۆڤیەت و سوپای سوورو ستالینی وەک تاکە سەرکەوتووی ڕاستەقینە بە سەر فاشیزم و نازیزمدا بە جیهان ناساند.

سۆڤیەت بۆ گەلانی چەوساوەو ژێر دەستە وەک ڕزگارکار چاوی لێدەکراو ئەو وێنەیەی کە پێشتر لە بەر چاوی جیهاندا بوو کە لە ساڵەکانی ١٩٣٦ تا ١٩٣٩ سەدای تیرۆرەکانی حزبی کۆمەنیست دەگەیشتە کەشکەڵانی فەلەک «٢٧»، تا ڕادەیەک لە بەر چاوی خەڵک سڕایەوەو لوژیکی مێژوو ئەم جارە بە شێوەی دیکەی تەواو جیاواز سۆڤیەتی وەک پشت و پەنای دیموکراتی و گەلانی چەوساوە هێنایە پێشەوە «٢٨». هۆکاری دووەم ئەوە بوو ئیتر ئینگلیز سەرقاڵی جەنگ نابێ و دەتوانێ هاوپشتی لە سوپای عێراقەوە بکات و هەموو بزووتنەوەیەکی کورد بێدەنگ بکات، کە من پێم وایە ئەو ماوەیەی بۆ ژیانی حزبی هیوا دانرابوو، دەبوایە لە گەڵ کۆتایی جەنگ بە کۆتایی بگات. بۆیە ئەم دوو هۆکارە کە هەردووکیان بەرهەمی یەک ئەنجام بوون پێکەوە کۆتایی (هیوا) یان ڕاگەیاند «٢٩».

**٣ بێ: ڕۆڵی هیوا لە ڕاپەڕینی ١٩٤٣-١٩٤٥ ی بارزاندا**

مەلا موستەفا بارزانی لە ١٢ای تەمووزی ١٩٤٣ بە یارمەتی شێخ لەتیفی شێخ مەحموود و بە ڕەزامەندی سەرۆکی هیوا (ڕەفیق حیلمی) لە ڕۆژهەڵاتی کوردستانەوە خۆی گەیاندە بارزان و لەسەر ڕاوێژی حزبی هیوا ، بارزانی بیرخەرەوەیەکی دا بە ڕژێم کە تێیدا داوای پێشخستن و چاککردنی باری ڕۆشنبیری و ئابووری کوردستانی دەکرد «٣٠». وەزعەکە ڕۆژ بە ڕۆژ بەرەو گرژی دەچوو و کێشەکان ڕێگەیەکی خوێناویان دەگرتە بەر. سەرەتای نۆڤەمبەری ١٩٤٣ هێرشی سوپای عێراق بۆ سەر بارزان دەستپێکرد. لە گەرمەی جەنگی خوێناوی کورد حزبی هیوا لە بەغدا یادداشتنامەیەک دەداتە باڵوێزی ئامریکا لە عێراق Loy Henderson و چواردە خاڵەکەی ویلسنیان وەبیر دێنێتەوە بۆ بڕیاردانی مافی چارەی خۆنووسینی گەلی کورد «٣١». هەروا حزبی (هیوا) پێوەندی بە باڵوێزخانەکانی بەریتانیا، ولاتە یەککرتووەکانی ئامریکا، یەکێتیی سۆڤیەت و چینەوە گرت لە بەغدا بۆ فشار خستنە سەر حکومەتی عێراق، بۆ ئەوەی داخوازییەکانی گەلی کورد لە بەر چاو بگرێ «٣٢». شەڕ لە بارزان تا دەهات توندتر دەبوو و حزبی هیوا نەیدەزانی چۆن لە گەڵ ئەم مەسەلەیە بجوڵێتەوەو ڕەفتار بکات. ئایا پشتگیری لێوە بکات لە کاتێکدا کە ئەمە واتەی جەنگ دژ بە ئینگلیز

دەگەیەنێ، یان دەستبەرداری ئەم ڕاپەڕینە بێ؟ لە ژێر گوشاری باڵی چەپڕەوی حزب، کە زۆربە بوون بە گشتی بڕیاردرا کە بە هەموو شێوەیەک پشتگیری لەم ڕاپەڕینە بکرێ. هیوا لە بەیاننامەیەکدا بە ناوی [من مقر الزعامه الكرديه الي الشـعب العـراقي الكريم] «٣٣»، بەیاننامەیەکی بۆ گەلی عێراق نووسیوەو تاوانی جەنگ هەڵگیرسان دەخاتە ئەستۆی حکومەت و داوای چارەسەری کێشەکان دەکات «٣٤». دەبێ بڵێین کە حزبی هیوا هەموو یارمەتییەکی لۆژستیکی و ئاگادارینامەو لایەنی دیپلۆماسی ڕاپەڕینی بارزانی خستە ئەستۆی خۆی، هێندێک لە ئەفسەرە کوردەکانی ئەندامی هیواش بە گەرمی چوونە پاڵ بزووتنەوەکەی (هیوا) لە بەیاننامەیەکدا لە سەر بڕیاری سەرۆکی حزب، لە یادداشتنامەیەکدا هاتووە: [نحن الزعيم الاعلى للشعب الكردي امرنا بما ياتي ان الملا مصطفى البارزاني هو احد رجالاتنا ...] «٣٥». زۆری نەبرد ڕاپەڕینی بارزان لە ژێر گوشاری (٣٠٠٠٠) سەربازی عێراقدا بە هاریکاری نوێی هێزەکانی ئاسمانی بەریتانیا «٣٦» بە کۆتایی گەیشت و بارزانی لە بەرامبەر هێرشە یەک لەدوای یەکەکانی سوپای عێراقدا ، لە ڕێگەی کانی ڕەشەوە لە ئۆکتۆبەری ١٩٤٥ بە خۆی و پیاوەکانییەوە بە چەکەوە گەیشتنە ڕۆژهەڵاتی کوردستان.

**٣ جیم: هیوا - ژێکاف: یەک کۆتایی**

لە پێشدا گوتمان کە هیوا حزبێکی ناسیۆنالیستی کورد بوو و دەیەویست دیواری سنوورە دەستکردەکان ببڕێت و خەونی گەورەی بە کوردستانێکی ئازادو یەکگرتووەوە دەبینی. هیوا لە گەڵ هەموو پارچەکانی کوردستاندا پێوەندییەکی گەرمی هەبوو و پڕۆژەیەک بوو بۆ ناسنامەی Identite ی کورد. هیوا لە ساڵی ١٩٤٢ لە گەرمەی شەڕی دووەمی جیهانی، وەختایەک سۆڤیەت بەشێکی زۆرترینی ڕۆژهەڵاتی کوردستانیان داگیر کردبوو، سێ لە نوێنەرەکانی خۆی: ١- میر حاج ئەحمەد ٢- مستەفا خۆشناو ٣- عیزەت عەبدولعەزیز بۆ دامەزراندنی لکێکی هیوا لە ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا دەنێرێتە سابلاغ. پاش چاوپێکەوتن و کۆبوونەوە لە گەڵ کۆمەڵێک تێکۆشەری کورد بەرنامەیەک لە ١٦ی سێپتامبەری ١٩٤٢ بۆ دامەزراندنی کۆمەڵەیەک بە ناوی (ژێکاف) ەوە دادەنێن کە، کورتکراوەی (ژیانەوەی کورد) دەگەیەنێ. لێرەدا حەز دەکەم ئەوە بڵێم کە وەک چۆن کۆمەڵەی (دارکەران) ی ناوکی سەرەتایی حزبی هیوا هەمان ناوی ئەم کۆمەڵە نهێنیە ئیتالییە Karbonari بوو، کە بۆ ڕزگاری خاکی ئیتالیا خەباتی دەکرد. ئاوەهاش ناوی کۆمەڵەی (ژێکاف) یش هەمان ناوی ئەو بزووتنەوە ئیتالییە بووRisorgimento کە کۆمەڵەی کاربۆناری ، واتە کۆمەڵەی (دارکەران) ی ئاراستە دەکرد. جا تۆ بڵێی ئەمە ڕێککەوتی مێژوو بێ یان لە ئاگاییەوە بووبێ؟ دەکرێ بڵێین بەرنامەو پێڕەوو پرۆگرامی کۆمەڵەی (ژێکاف) هەمان بەرنامەو تێڕوانینی حزبی (هیوا) بوو بە چەند وردە جیاوازییەکی زۆر کەمەوە. دەکرێ بڵێین کۆمەڵەی (ژێکاف) هەر بە ڕاستی لکێکی حزبی هیوا بوو. نیشتمان ئۆرگانی کۆمەڵەی ژێکاف هەموو ژمارەیەک لە سەرەوەی بەرگی گۆڤارەکەوە دەینووسی (بژی سەرۆک و کوردو کوردستان و هیوا). هەروەها دەبێ بڵێین کە پێوەندی نێوان ژێکاف و هیوا بە پتەوی مایەوە. تەنانەت کۆمەڵەی ژێکاف دوو ڕۆژژمێری ساڵانەی بڵاوکردەوە، هەر دووکی بە ناوی خۆی و هیواوە چاپ کردبوو. لە سەر دێڕی ڕۆژ ئەژمێری تایبەتی کۆمەڵەی ژێکاف بۆ ساڵی ١٣١٢دا نووسراوە(بژی سەرۆک و کوردو کوردستان و هیوا) و لە هی ساڵی ١٣٢٣دا نووسراوە «ڕۆژژمێری تایبەتی کۆمەڵەی ژێکاف بۆ وەرزی ١٣٢٣ ڕۆژیی ٦٤ - ١٣٦٣ی هیجریی و ٤٥ - ١٩٤٤ ی میلادی . ئەم ساڵی تازەیە لە هەموو ئەندامەکانی ژێکاف و هیوا و هەموو کوردێکی کە لە پێناو سەربەستی نەتەوەی کورد تێ دەکۆشێ پیرۆزبێت» «٣٧».

هەروا دەبێ بۆ مێژوو بڵێین کە حزبی (هیوا) دەیەویست لەگەڵ کوردەکانی باکووری کوردستانیش پێوەندی و هاوخەباتی بگرێ. بۆ ئەم مەبەستەش هیوا کاپیتان عزت عبدالعزیزی بۆ مەڵبەندی (خۆیبوون) هەنارد، تاوەکو مەسەلە نەتەوایەتییەکان چارەسەر بکەن«٣٨». لە ئەنجامدا ڕێک دەکەون کە لە ٤ی ئاپریلی ١٩٤٤ وەفدی هەردوو لا کۆببنەوە، بەڵام مەخابن بەرە بەرە هاتنە پێشەوەی گرفتەکان و دواتر لاواز بوون و دەربە دەربە کوردو هەڵوەشاندنەوەی هیوا ئەم هەوڵانەی بێ ئەنجام و هیوا هێشتەوە.

لێرەدا بێ جێ نییە مرۆڤ بپرسێ ئایا چۆن (حزبی هیوا) و کۆمەڵەی (ژێکاف) لەیەک کاتدا ساڵی ١٩٤٥ پێکەوە بەیەک کۆتایی گەیشتن؟ ئەگەر سۆڤیەت کۆمەڵەی (ژێکاف) ی خنکاند، ئەوا ئینگلیزیش حزبی هیوای خنکاند. ئیدی لەم مێژووە بە دواوە بزاڤی ڕزگاریخوازی کوردستان لە سەر ڕێچکەی کوردستانیبوون لادراو مێژوویێک لە (هەرێمچێتی) لە هەردوو لاوە دەستپێکرد، کە تا ئێستاش پڕییە لە خیانەت و خوێن و گوناه

بەرامبەر بە یەکتر. جا تۆ بڵێی ئەمەش ڕێککەوتی مێژوویی یان لۆژیکی کوتەکی هێز بوویێ کە لە سەر دارو پەردووی هەردوو ڕێکخراوە کوردستانییەکە، دوو حزبی هاو ماناو هاو مەبەست و هاو ناو درووستبوون کە تا ئێستاش خەون بە خود موختارییەوە دەبینن!.

**ماڵئاوا ... هیوا**

ناکۆکییەکانی ناوخۆی حزب تا دەهات تەشەنەی دەسەند. تا دوا جار لە کۆنفرانسێکی گشتی حزب کە لە کەرکووک بەسترا ١٩٤٤، باڵی چەپی ناو حزب بە تەواوی خۆی لە حزب کێشایەوەو بەشێکیان لە گەڵ (یەکێتی تێکۆشین) ی لکی حزبی شیوعی عێراق کەوتن. هێندێکیشیان لە گەڵ گروپی (القاعده) کەوتن. هێندێکیشیان حزبی (شۆڕش) یان دامەزراندو بەشی زۆرترینیشیان لە گەڵ حزبی ڕزگاری کورد کەوتن. هەرچی باڵی ڕاستڕەوی حزب تا ماوەیەک بە تەنیا درێژەی بە ژیانی حزبداو بە هەمان ناوی حزبی هیوا مانەوە تا دوای کۆنگرەی کەلار ١٩٤٥ دواجار بە هێمنی ونبوون و لە شوێن خۆیانەوە (پارتی دیموکراتی کورد «٢٩» یان لێوە شین بوو.

**ئەنجام**

حزبی هیوا لە سەروبەندێک هاتە سەر گۆڕەپانی کوردستان کە سەرەتای جەنگی دووەمی جیهانی بوو. حزبێکی ناسیۆنالیست و لەوپەڕی چەپەوە تا ئەوپەڕی ڕاستی بە خۆیەوە گرتبوو. پرۆژەیەکی کوردستانی بوو بۆ پێکەوەنانی ستاتوێک بۆ کورد، کۆمەڵێک هۆی دەرەکی و ناوەکی لە بەردەم هیوا قووتبوونەوە بۆ سەربرینی ئەم پرۆژەیەو لە ساتە وەختێکی زۆر ناسکی جیهانیدا سەربڕا. بە هەڵوەشاندنەوەی هیوا لەم سەرو بەندەی دوای جەنگ، نەخشەی پرۆژەیەکی نەتەوەیی چارەنووسسازی کورد لە ناو چوو. ئەگەر هوشیاریی نەتەوەیی بە قوربانی سەروەریی سۆڤیەت نەکرابوایە، ئەوا لەوانەبوو ئەم پرۆژەیە نەبێتە دووکەڵی سەبیلەکەی مام ستالین. خۆ ئەگەر هەروا بە هەمان شێوە ئینگلستانیش نەکرابوایە مەزارگەی پیاوچاکان و نووشتەی نەزۆکی سیاسیمان، ئەوا ئەمڕۆ بێ (هیوا) نە دەبووین و مەنزڵمان لە هەوارێکی دیکە بوو، وەلی ئەفسووس هۆیەکان و ئەنجامەکانی مێژوو ئاوەها شکانەوە. ئەمە لۆژیکی ئەم مێژووە ملهوڕەیە کە ئێمە ئەوە لە دوای ئەوە باجی بۆ دەدەین، باجێک تا مردن!

پاریس / نۆڤەمبەر - دیسامبەری ١٩٩٨

**پەراوێزەکان**

١- مەخابن تا ئێستە ئەم ئەرشیفە کەسێک سوودی لێوە نەبینیوە، جا نازانم ئەمە دڵسۆزی بێ بۆ ڕەفیق حیلمی یان ...؟.

٢- تورکیا لە سەرەتادا لە جەنگ بێلایەن بوو، دواتر لە گەڵ سەرکەوتنەکانی ئاڵمان لە ٢٨ی حوزەیرانی ١٩٤١ هاوپشتی خۆی لە گەڵ ئاڵمان ڕاگەیاند. کە ئەمە یەکێک لەو فاکتۆرانە بوو کە ئینگلیز ئەو دەم کوردەکانی خوارووی دەلاواندەوە. دیارە پێهوودە نییە ئەگەر ئیشارە بەوە بدەین کە دواتر وەختایەک تورکیا ئەمجارە لە ٢٣ی فیبوریەی ١٩٤٥ بە قازانجی هاوپەیمانەکان دژ بە ئاڵمانیا بانگهێشتنی جەنگی دا، ئاسۆی جەنگ خەریک بوو بە کۆتایی دەگەیشت و ئەم لاواندنەوەیەش بە کۆتایی گەیشت و هەر ئەم ساڵەش بوو کە حزبی هیوای تێدا نێژرا.

٣- بەکر سدقی گەرچی لە ڕەچەڵەکدا کوردەو ناسیۆنالیستە کوردەکان زۆریان بەرزکردەوەو پێیان وابوو سدقی دەیەوێت دەوڵەتێک بۆ کورد درووستبکات!؛ هەر ئەم بەکرە بوو کە لە بەردەم ژەنەراڵی ئینگلیز هایی سەرۆکی شاندێی سوپایی بەریتانیی کوتبووی (کە ئەو عارەبەو کورد نییە)، بگەڕێوە بۆ. نجده فتحی صفوه: العراق فی الوثائق البریطانیه سنه١٩٣٦،ص ٤٤٨ (ئەمە لە کتێبەکەی د. کمال مظهر احمد، صفحات من تاریخ العراق المعاصر، بغداد،١٩٧٨، ص ١٣٠ وەرگیراوە). هەروا دەبێ بڵێین کە پەیماننامەی سەعد ئابادی نێوان عێراق و تورکیاو ئێران بە ڕەزامەندی بەکر سدقی مۆرکرا. بگەڕێوە نەجاتی عەبدوڵڵا: ڕەمزی نافیع لە پەراوێزی ئەستومانی بیردا. ڕۆژنامەی (ئاڵای ئازادی) ژمارە ٣٢، ١٩٩٢.

٤- یەکێک لە بکوژەکانی بەکر سدقی، سەرهەنگی کورد (عبدالعزیز یامولکی)ی خاوەنی کتێبی (کوردستان وکورد اختلالری) بوو. هێشتا ئەوە ڕوون نەبۆتەوە کەچی ئەم کوردە نیشتمانپەروەرەی هانداوە بۆ بەشداربوون لە تیرۆرکردنی بەکر سدقی!!

٥- فیصل الدباغ، اضواء علی کتاب: الجمعیات والمنظمات والاحزاب الکردیه فی نصف قرن ١٩٠٨ - ١٩٥٨، کوردستان، اربیل ١٩٧٧، ص ٦٤

٦- بۆ پێوەندی نێوان کولتوورو ویست لە درووستکردنی نەتەوەدا بگەڕێوە بۆ: Ernest Gellner, Nation et nationalisme, Traduit de I, anglais par: Benedict pineau, 1994, pp (83-96).

٧- د. موکەڕەم تاڵەبانی پێی وایە کە کۆمەڵەی (دارکەران) ساڵی ١٩٣٧ لە شاری کەرکووک دامەزراوە. بگەڕێوە: عبدالستار طاهر شریف، الجمعیات والمنظمات والاحزاب الکردیه فی نصف قرن ١٩٠٨ - ١٩٥٨، بغداد، ص ٩٤ من پێم وایە کۆمەڵەی دارکەران سەرەتا لە شاری هەولێر دامەزراوە، دواتر ڕەنگە هەر زوو لکی کەرکووکیش کرابێتەوەو هەوڵ درابێ لکی دارکەران لە هەموو کوردستاندا بکرێتەوە. جا ئەوەی د. موکەڕەم باسی دەکات پێم وایێ دامەزراندنی لکی کەرکووکی کۆمەڵەی دارکەران بووە.

هەروەها Davio Mcdowell پێی وایە کە کۆمەڵەی دارکەران لە سلێمانی دامەزراوەو دەنووسێ(لاوانی زۆر ڕادیکاڵی ناسیۆنالیست لە سلێمانی گروپێکی دیکەیان پێکهێنا، دارکەران کە پەرەیان لە کاربۆناری ژیانەوەی ئیتالیایی وەردەگرت) بڕوانە:

Davio Mcdowell , A modern history of the Kurds, London,I,B, Tauris, 1995, P:289

هەروەها کریس کۆچیرا پێی وایە کە کۆمەڵەی دارکەران لە دوای کۆمەڵەی (برایەتی) و کۆمەڵەی (ئازادی کورد) سێیەم کۆمەڵەیە کە لە سلێمانی دامەزراوە. بگەڕێوە بۆ:

Kutschera, C, Le mouvement national Kurde, Paris, 1979, P 134

8- فەیسەل دەباغ. هەمان سەرچاوەی پێشوو. ل ٧١

٩- موسی عەبدولسەمەد دەیگێڕێتەوە کە (ڕەفیق حیلمی خۆی داوایان لێدەکات بە ئەندام لە ڕێکخراوەکە وەریبگرن، تا چەند ڕۆژێک ئەوجار وەڵامی لێدەگێڕنەوە کە وەریدەگرن و داوەتی شەقلاوەی دەکەن. بڕوانە: فەیسەل دەباغ، سەرچاوەی پێشوو، ل ٧٠. من پێم وایە ئەم گێڕانەوەیە ڕاست نییەو بە پێچەوانەوە ڕەفیق حیلمی بە ڕێزەوە وەکو سەرۆکی باڵا لە لایەن کۆمەڵەی دارکەرانەوە قەبووڵ کراوەو پێدەچێ ناونانی حزبەکەش (هیوا) هەر لە سەر پێشنیاری ڕەفیق حیلمی خۆی بوو بێ.

١٠- Michael,M. Gunter لە کتێبەکەی خۆیدا مێژووی لە دایکبوونی حزبی هیوا بە ساڵی ١٩٤١ دادەنێ. بگەڕێوە بۆ

